Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.101015

# چەمکی نامۆبوون لەڕوانگەی فەلسەفەوە

**سوهام قادر محمد ,عەتا ڕەشید حسێن**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

پەیوەندی فەلسەفە و نامۆبوون، پەیوەندییەکی لەمێژینەیە. مادام نامۆبوون حاڵەت و کردەیەکی مرۆڤە، فەلسەفەش لەو حاڵەت و کار و کردەوانە و هەروەها کاردانەوە ئێستایی و داهاتووانەی، کە ڕوویان داوە، یان گریمانەی ڕوودانیان هەیە دەکۆڵێتەوە. کەواتە، نامۆبوون جێگای تێڕامان و لێکۆڵینەوە بووە لە کۆن و نوێدا، بەڵام وەک فەلسەفەی نوێ و باسێکی سەربەخۆی نامۆبوون، سەرەتا (هیگڵ) توانیویەتی لەڕووی لایەنە میتافیزیکی و عەقڵانییەکەیەوە پێشەنگ بێ، دواتریش (مارکس) بە سود وەرگرتن لە (هیگڵ)، بەڵام ڕوانین بۆی لە ڕوانگەیەکی ئابوورییەوە، بنەمای فەلسەفەی خۆی خستووەتەڕوو. لەدوایشدا (ئەریک فرۆم)، لەلایەنە دەروونییەکەوە، لێکۆڵینەوەکانی خۆی پەرەپێداوە و کردوونی بە بناغەی تێڕوانینە فەلسەفییەکانی بۆ نامۆبوون. لێرەدا گرنگی ئەم تێڕوانینە فەلسەفییانە لەوەدایە، کە توانیوویانە بە دونیابینییەکی مەودا فراوان و تارادەیەک گشتگیر، باس لە حاڵەتەکە بکەن بەشێوەیەکی جیاواز لەوانەی پێشووتر، هەروەها ببنە بناغەی چەندین تیۆری فەلسەفی و لێکۆڵینەوەی تر. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، کە لە دووبەش پێکهاتووە ئەوەیە، کە بتوانرێت تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفانە بکرێتە بناغەی تێگەیشتن لە هۆکار و ناسینی حاڵەتەکە، چونکە ئەوەی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، مەودای بینینی کۆمەڵێک تێگەیشتنی فەلسەفییە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی سادەش بێت، بەڵام ورد و بناغەدار دەبێت.

**Article Info**

Received: October, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

**Keywords**

نامۆبوون، فەلسەفە، هیگڵ، مارکس، ئەریک فرۆم.

**Corresponding Author**

suhamqadr@gmail.com

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (چەمکی نامۆبوون لەڕوانگەی فەلسەفەوە)، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەم چەمکە لە ڕوانگەی فەلسەفەوە بەڕێگایەکی زانستییانە بخاتەڕوو، بە پشت بەست بە ڕێبازی پەسنی شیکاری، کە تیایدا باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی چەمکەکە دەکرێت، پاشانیش لەڕێگەی باسکردنی سێ وێستگەی گرنگ لە فەلسەفەی نوێ، دەیەوێت ئاشنایەتییەک لەبارەی چەمکەکەو تێڕوانی ئەو فەیلەسوفانەوە بخاتەڕوو.

توێژینەوەکە لە دووبەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، تیایدا باسی لە سەرەتای سەرهەڵدان و چەمکی نامۆبوون کردووە، کە دەروازەیەکە بۆ ئەوەی بتوانرێت لێیەوە بچینە ناو بەشی دواتر. بەشی دووەمیش لە سێ باسدا، لەلای هەریەک لە (هیگڵ، مارکس، ئەریک فرۆم)، هەوڵی ئەوە دراوە، کە چەمکەکە لەڕوانگەیانەوە بخرێتەڕوو، کە هەریەکیان دەکرێت وەک قوتابخانەیەک و ڕێبازێکی فەلسەفی جیاواز بۆ بابەتەکە سەیربکرێت.

### بەشی یەکەم/ چەمکی نامۆبوون و سەرهەڵدانی لە فەلسەفەدا:

فەلسەفە و فەیلەسوفان، وەک یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی مەعریفە و زانین سەیرکراون و سەیردەکرێن، چونکە لەڕێگەیانەوە چەندین بیروڕای نوێ سەبارەت بە چەمکە جۆربەجۆرەکان دروستبوون بەجۆرێکی جیاوازتر لەو تێڕوانینانەی پێشووتر. ئەمە جگە لەوەی خودی "مانای فەلسەفە بریتییە لە حەزکردن بە دانایی، یان مەعریفە"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٣٤٧)، هەروەها، فەیلەسوفیش ئەو کەسە دەگرێتەوە و بەو کەسە دەوترێت، کە بەشێوەیەکی زانستییانە و پشت بەستوو بە ژیری " بایەخ بە لێکۆڵینەوەی مۆرکی شتەکان دەدات و ئاشنای ئەو شتانەشە، کە ئەوانەی پێش خۆی پێی گەیشتوون لەسەر ئەو بابەتانەی هزری سەرقاڵ دەکەن"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٣٤٧). چەمکی نامۆبوون لەو

چەمکانەیە، کە بەدرێژایی مێژووی بەکارهێنانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەر سەردەمەو بەپێی هۆکار و شێوازی تێگەیشتن و دونیابینی کەسەکان، گۆڕاوە. تەنانەت هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە، کە بابەتی نامۆبوون " زیاتر لە هەڵسوکەوت و ژیانی ئەو کەسانەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە بیرمەند و فەیلەسوفن، ئەوەش بەهۆی نووسین و وتە جۆربەجۆرەکانیانەوە لە بارەی دیاردەکانی دەوروبەریان لە ژیان، کە هەمیشە هەوڵدەدەن بچنە قوڵایی شتەکان، بەشێوەیەک بیردەکەنەوە، تا بگەن بەئەنجامێکی باوەڕپێکراو"(قادر، ٢٠١١، ٥٧). لە فەرهەنگی فەلسەفیدا نامۆبوون بریتییە لە" نەگونجانی نێوان ماهیەت وبوون، نامۆبوونی کەمی و نەگونجان لە بارودۆخی ڕاستەقینە"(زیادە، ١٩٨٦، ٣٩). هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن، کە بنەڕەت و بنەمای وشەکە یۆنانییە. زۆرێک لە مێژوونووسانی فەلسەفەش بۆ نووسینەکانی ئەفلاتۆنی دەگەڕێننەوە، بەجۆرێک ئەو یەکەم کەسە بناغەی بیری نامۆیی داناوە" کۆمارەکەی ئەفلاتۆن و تێڕوانینی ئەفلاتۆن بۆ ژیان، لەخۆیدا نامۆییە، بەو مانایەی ئەفلاتۆن ئەنتی واقیعەو دەیەوێت دونیایەکی یۆتۆپی بنیات بنێ، پەنا بردن بۆ یۆتۆپیا لوتکەی نامۆییە لای ئەفلاتۆن، هەروەک زۆرێک لە نووسەرانی دونیا، فەلسەفەی (سۆشیالیزم) لای مارکس بە هەمان یۆتۆپیاکەی ئەفلاتون وێنا دەکەن"(عەبدوڵا، ٢٠١٤، ٢١). بەم شێوەش "بیرەکەی بۆخۆی یەکەم نامۆبوونی هەستییە، کاتێک جیهانی دابەشکرد بەسەر (ڕەها - بوون)دا. ڕەها بریتییە لە جیهانی نموونەیی. بوونیش بریتییە لە جیهانی تاریکی و وێنەی شێوێندراو. دواتر کۆمارەکەی دەرخەری ئەم بیرەیە لە نامۆیی"(الالوسی، ٢٠٠٣، ١٢). تەنانەت وتە بەناوبانگەکەی سوقرات ( خۆت بناسە ) نموونەیەکی ڕاستی نامۆبوونی مرۆڤە لە خودی خۆی، چونکە بەهۆی هەست نەکردن بە بەها و نەناسینی خۆی، وایلێدێت لەخۆی دووربکەوێتەوە و ببێتە هۆی ونبوون و نامۆبوونی خودی خۆی.

پاشان سەرەتای بەکارهێنانی ئەم چەمکە وەک چەمکێکی فەلسەفی، لەناو ئەوروپییەکان، لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدە دەرکەوت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆسۆ، واتە "ڕۆسۆ یەکەمین کەسە زاراوەی نامۆیی بەکارهێناوە و پێی وابووە، کاتێک هەندێک لە نوێنەران بە نوێنەرایەتی کردنی گەل هەڵدەستن، ئەوا ئەو گەلە ناتوانێت سەروەرێتی خۆی پیادەبکات و لەچوارچێوەی نیشتیمانەکەیدا گۆشەگیر دەمێنێتەوە و هەست بەنامۆیی دەکات"(بۆکانی، ٢٠٠٦، ٥١). واتە ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەو نوێنەرایەتی کردنە، دەربڕی کۆمەڵە داواکارییەکی بەڕووکەش گشتگیرن، خەڵکە ئاساییەکە پێویستە پیادەی یاسا و ڕێسا و بڕیارە دیاریکراوەکانی ئەوان بن، بەمەش جۆرێک لە خۆسەپێنی یاسایی دەردەکەوێت، تا ئەوەی بڕیارێکی دەستەجەمعی گشتی بێت. بە واتایەکی تر، ئەو نەتەوەیە " پەیڕەوی سیستمی دیموکراسی نەکردووە و نوێنەرەکان تەنیا بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکەنەوە و بیریان چووە، کە نوێنەری خەڵکن"(قادر، ٢٠١١، ٦٧)، بێگومان "ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆبوونی تاک لەپێناو کۆمەڵگەدا"(علي، ١٩٩٧، ٣٢). پاشان ئەم جۆرە لەهەستە دەگوێزرێتەوە بۆ هەموو خەڵک و دەبێتە بەشێک لێیان. "لەنامۆییدا دەسەڵاتێکی دەرەکی بە (زۆر) بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی و بەئەنجامدانی پرۆژەیەک بەسەر تاکدا دەدات و بەبێ ئەوەی ئەو تاکە پرسی پێبکرێت و ڕێگەی بدریت ئەو پرۆژەیە سەربەستانە هەڵبژێرێت"(کەمال، ٢٠٠٤، ١٤٢). لەڕاستیدا، ئەوەش دەبێتە هۆی هێنانە کایەی سیستمێکی سیاسی دیکتاتۆری، کە "یەکێکە لە سیستمەکانی فەرمانڕەوایی ستەمکاری، پشت بە پرەنسیپی فەرمانڕەوایی ڕەها دەبەستێت، ئەو فەرمانڕەواییەی، کە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناچارکردن و توند و تیژی ستەمکاری بەرامبەر ئەو میللەتە، یان ئەو دەستەیەی فەرمانڕەواییان دەکات بەمەبەستی ملکەچ پێ کردنیان بۆ خواست و ویستی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٢٥١).

هەر لەمیانی چەمکە فەلسەفییەکاندا، لە فەلسەفەی بوونگەراییش گرنگییان بەم زاراوەیە داوە و بەشێوەیەکی بەرچاو لە نووسینەکانیاندا بەکاریان هێناوە. دەکرێ بوترێت، بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی نووسین و بیروڕاکانیان بووە، بە واتایەکی تر" کێشەی نامۆیی خۆی لە خۆیدا کێشەی بوونگەراییە، چونکە فەلسەفەی بوونگەرایی بەشێوەیەکی گشتی لە هەڵوێستێکی وەک هەڵوێستی نامۆیی دەستپێدەکات، هەربۆیە خاڵی دەستپێک لای بوونگەراکان بریتییە لەو شۆک و هەڵچوونەی لەناکاو مرۆڤ دەلەرزێنێت، کاتێک هەست دەکات ژیان هیچ واتایەکی نییە، بوونگەراکان، کە دەگەنە ئەم هەستە لەپڕ هەست بە نامۆیی دەکەن لەم جیهانەدا، بەڵکو هەر زاراوەی نامۆیی خۆی زاراوەیەکی بوونگەراکانە، کە لەنووسراوەکانیاندا دەردەکەوێت، هەروەکو لای ئەلبێر کامۆ(١٩١٣-١٩٦٠)بەناونیشانی(تێڕوانینی نامۆیی بۆ جیهان)"(العشماوی، ١٩٧٩، ٢١٦). کەواتە، نامۆبوون دەبێتە یەکێک لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی پێکهاتنی بوونی مرۆڤ، لە ڕێگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەو بارودۆخەی تیایدایە، هەست بە بوونی خۆی دەکات و ئەو نائومێدییەی لەئەنجامی بیرکردنەوە لەبوون پێکیدەهێنێت، دەبێتە بناغەی دارشتنی بیرکردنەوە لای بوونگەراکان "بوونگەرایی، نامۆبوون بەهەند وەردەگرێت و بەڕوونی باسی لێوەدەکات، کە ژیان و کێشەکانی وا لەمرۆڤ دەکەن نامۆبن بە خۆیان، بە نیشتیمان و تەنانەت لەگەڵ نیشتیمان و لەناو نیشتیمانیشدا"(جدوع، ٢٠١٠، ٢٠٣) بەجۆرێک وایلێدێت ئەو کەسە وەک چەقی دەوروبەری، لەخودی خۆیدا یان، وەک دروستکەری کردەوە و هەستەکانی نازێت "نامۆبوون تێکشکاندنی یاسا باوەکانە بۆ یاسا گەلێکی ئاڵۆز، هەموو کەسێ لە بەرامبەر ئەو یاسایانەدا ئەکەوێتە ململانێ، بەمەستی دۆزینەوەی ڕاستییەکان"(پاڵەوان، ٢٠٠٣، ١٦٦) لەبەرامبەر ئەم ململانێیە و ئەو پێکگەیشتن و پێکنەگەیشتنەدا، نامۆبوون درووستدەبێت، بەتایبەت لە دەسگیرنەبوونی ڕاستییەکان، کەسەکان تووشی ئەو جۆرە لە هەستە دەبن.

لەمەبەدواوە نامۆبوون وەک چەمکێکی فەلسەفی جیا و سەربەخۆ، کە باسکرابێت، لای هەریەک لە (هیگڵ _ مارکس _ ئەریک فۆرم) دەخەینە ڕوو. لەلای هیگڵ، وەک لایەنی فەلسەفی ئایدیا و بیر، لەلای مارکس، وەک لایەنی فەلسەفی ئابووری،

لەلای ئەریک فرۆم، وەک لایەنی فەلسەفی دەروونی. کە هەریەکە لەم سێ فەیلەسوفە بە پێشەنگ دادەنرێن لە خستەڕووی ئەم دیاردەیە وەک چەمکێکی فەلسەفی سەربەخۆ.

**بەشی دووەم/ نامۆبوون لە ڕوانگەی (هیگڵ، مارکس، ئەریک فرۆم)ەوە.**

**١,٢. لەڕوانگەی هیگڵەوە**

هیگڵ بەیەکەمین فەیلەسوف دادەنرێت، کە چەمکی نامۆبوونی گواستەوە بۆ ئاستێکی گرنگ لە بیری فەلسەفی. بەجۆرێک لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی هیگڵەوە، دەتوانین لە بەکارهێنانی مارکس بۆ ئەم چەمکە تێبگەین. "هیگڵیش لە پێگەیاندنی چەمکی نامۆییدا کۆمەڵێک پێشڕەوی لەپشت بوو. هەندێک لەم پێشڕەوانە کەڵکیان لەم زاراوەیە وەرگرت بەبێ ئەوەی نزیک ببنەوە لەمانا هیگڵی (یان مارکسی)یەکەی" (تۆم، ڤیکتۆر، ٢٠٢٠، ١١٧٠). بەشێوەیەک ئەو ئاڵوگۆڕی بیرەی لەنێوان ئەم دوو بیرە هەیە، توانی ببێتە پاشخانی ئەو گشتە لە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنەی، کە بۆ دیاردەی نامۆبوون کراوە و دەکرێت لە کۆن و نوێدا.

بە واتایەکی تر، "هیگڵ یەکەمین بیریاربوو چەمکی نامۆبوونی دەوڵەمەند کرد، بەتایبەتی ئەوکاتەی مێژووی مرۆڤی لەیەککاتدا بە مێژووی نامۆبوونی مرۆڤ لەقەڵەمدا "(فرۆم، ٢٠٠٥، ٩٧)، تەنانەت "پێی وایە نامۆبوون واتە بەخۆنامۆبوون، کاتێک مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەو جیهانە کۆمەڵایەتییەدا ببینێتەوە، کە تێیدا دەژێت، ئەوا بەخۆی نامۆ دەبێت، هیگڵ لە (فینۆمینۆلۆگی ڕۆح)دا، بەخۆنامۆبوون بە ساتێک، یان شێوەیەک لە بزاڤی ڕۆح دەزانێت" (سابیر، ١٩٩٧، ٣٥)، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە " بەباوکی ڕۆحی چەمکی نامۆبوون دابنرێت و پێی وایە، تەنیا لە فیکردا ڕوودەدات و هەر بە فیکریش دەیسڕینەوە و زاڵدەبین بەسەریدا "(بۆکانی، ١٩٩٩، ٢٣٦). بێگومان ئەمەش وایلێدەکات بەوە بناسرێت، کە فەیلەسوفێکی ئایدیالیستی بێ و هەر لەو ڕووەوە بۆ نامۆبوونیشی ڕوانیووە پێی وایە " نامۆبوون لە فیکردایە و تەنها لە حاڵەتی هۆشیاری دا ڕوودەدات، واتە نامۆبوون لای ئەم فەیلەسوفە (نامۆبوونی گیانە)، کاتێک لە خود دەردەچێت و دەچێتە جیهانی مەوزوعی، جیهانی مەوزوعیش لە گیانێکی نامۆبوون دا درووست دەبێت "(حەمە، ١٩٨٩، ٨١)، بەجۆرێک ڕای وایە، کە ئەوەی تووشی کێشەی نامۆبوون دەبێت "خەڵکانی زیندوو و ڕاستینە نین، بەڵکو کێشەی ئایدیای موتڵەقە، کە وای لێدێ "(چەنگایی، ٢٠١١، ١٩٨).

هەروەها " هیگڵ باسی لە دابڕانی مرۆڤ لەکەلتوری خۆی کردووە، لەبەرئەوەی کەلتور ژیانەوەی گیانە، لەبەر ئەو گرنگییەی هەیەتی لە دەسنیشانکردنی پێگەی تاک لەلای خۆیدا، چونکە مرۆڤ و کەلتورەکەی لەگەڵ خۆیدا دەژێت، نامۆیی لەلای زیادئەکات، واتا گیان لە ناسینی خود لە جیهانە بابەتییەکەدا سەرکەوتوو نابێت "(الحيدري، ٢٠٠٨، ٣). هەرئەمەشە وادەکات پرنسیپی سەرەکی لە فەلسەفەی هیگڵدا یەکەمبوونی فیکرەیە. "هیگڵ ناوەڕۆك و جەوهەری نامۆبوون و ناخودئاگایی لەم خاڵە شاراوەدا دەبینێت، کە تاکی مرۆڤ هەست دەکات، کە ژیانی کەسایەتی ئەو بەدەرە لە زاتی بوونی. واتە لەناو کۆمەڵگە و سیاسەتدا بوونی هەیە"(بشيري، ٢٠١٠). بنچی فەلسەفی بۆ لێکدانەوەی نامۆیی لە ڕوانگەی هیگڵەوە بوونی فیکرەی ڕەهایە " بیرۆکەی ڕەها بریتییە لە ناسنامەی خود و بابەت، کە لەناوەڕۆکدا بریتییە لە یەکێتی بوون و هزر. ئەوەی هیگڵ ئەنجامیداوە، بریتییە لە جیانەکردنەوەی هزر و بوون، بەڵکو هزر وەکو بوون تەماشا دەکات "(ئیسماعیل، ٢٠١٧، ٢٣٣)، واتە بوونی جیهان، خۆنواندن و دەرکەوتنی ئەو فیکرە ڕەهایەیە. لەبەر ئەوە هیگڵ باسی نامۆیی فیکری فەلسەفی دەکات. بەلای ئەوەوە گەوهەری نامۆیی لەوەدا نییە، کە گەوهەری ئادەمیزاد بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، دژی خودی خۆی، خۆی بەشت دەکات، بەڵکو لەوەدایە، کە گەوهەری ئادەمیزاد بە جیاوازو دژ بە فیکری ڕووت خۆی بەشت دەکات. "لە ڕوانگەی هیگڵەوە، مرۆڤایەتی حاڵەتی نامۆیی لە خودی خۆیدا هەیە، لەبەر ئەوە پەیوەندییە نامۆکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری، پەیوەندی ڕەها و نەگۆڕ و ئەبەدین "(زلني، ١٩٩٠، ٦٧).

بەم پێیە ئەوەی لەسەر نامۆیی مرۆڤ بڕیار دەدات فیکرەی ڕەهایە، نامۆیی بەتێپەڕاندنی فیکرە چارەسەر دەکرێت. بۆ نموونە دەڵێت : " ئەوکۆیلەیەی بەرامبەر خاوەنەکەی نامۆیە ، بۆ ئەوەی ئەم نامۆییەی نەمێنێت ، دەبێت بیربکاتەوەو خۆی بە ئازاد بزانێت "(شاهین، ١٩٧٢، ٣٢). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت. کە لەلای هیگڵ نامۆبوون، تێگەیشتنێک و دەربڕینێکی عەقڵی هەیە، بەتایبەت لە پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگەکەیەوە. هەروەها ژیانی ژیری و عەقڵانی لای هیگڵ، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتییە لە پێکدادانی بەردەوامی نێوان مرۆڤەکان بۆ تێگەیشتن لەوەی هەیە، لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت (بوون)، بەراوردکردنی بەو ڕاستییانەی، کە مرۆڤەکان پێی گەیشتوون. واتە " نادیدەگرتنی جیهان و ئەوانیتری نێو جیهان، من دەکاتە بوونەوەرێکی نامۆ و دابڕاو و سەرئەنجامیش دەبینە سوبێکتێک بە ئاگاییەکی غەمگینەوە. لێرەوەیە گەر بێتو من ئاشتبوونەوەی سەراپاگیر نەخوڵقێنێت، ناتوانێت ببێت بە منێکی عەقڵانی، چونکە ئەوکاتە ئەم منە عەقڵانی دەبێت، کە بتوانێت بوون و جەوهەری خۆی لەنێو بوون و جەوهەرە عەقڵانییەکەی ستراکتۆری گشتیدا بدۆزێتەوە. هەروەها هێشتا ئەم ئاشتبوونەوەیەش مرۆڤ دەکات بە بوونەوەرێک، کە تەنها وەکو بەش و جوزئێک دەمێنێتەوە لەنێو گشتەکەیدا، کە تاکە ڕێگای خۆدۆزینەوە و خۆ ڕزگارکردنە لەو نامۆبوون و ونبوونەی بەهۆی خۆ دابڕینی لە جیهان و واقیعەوە تێیدەکەوێت "(عەزیز، ٢٠١٦، ١٠٨-١٠٩).

کەواتە، خۆدۆزینەوە و بوون بەیەک و نەمانی جیاوازی لەنێوان گشت و تاکدا، بوون بەیەک جۆر ڕاستی و گرێدانەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بە ڕاستییەکی گشگیرەوە بیروباوەڕی سەرەکی هیگڵە و پێی وایە دەکرێت لەڕێگەی ئەم یەکگرتنەوە کێشەکانی نامۆبوون چارەسەربکرێت لەبەرئەوە " پێویستە کاری هەموو تاکێک لەپێناو گشت بێت و بۆ پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بێت، هیچ نرخێک بۆ کارێک نییە، ئەگەر بۆ هەموو کۆمەڵگە نەبێت، چونکە نرخەکەی لەڕێی ئەو سودەوەیە، کە بۆ هەموو

کۆمەڵگەیە، نەک تاک بەتەنیا "(العتیبي، ٢٠١٨، ٣٧). بێگومان ئەم جۆرە لەبیر لەلای هیگڵ، بەمانای هەبوونی گشتە بەرجەستەکە نایەت، بەڵکو بەو مانایەیە، کە ببێتەوە بە بیرە، یان ئایدیا بنەڕەتەکەی بوون، کە هەموو بوون پێش ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز تاکەکان بیربکەنەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی کۆمەڵە شتانێک بدەن کە جیایان بکاتەوە لەو بوونە بنەڕەتە.

لەڕوانگەی ئەوەی هونەر و ئایین چ ڕۆڵێک دەبینن؟ هیگڵ پێی وایە "ئایین و هونەر بێتوانایانە لەوەی بەکاربێن و بەسەر نامۆییدا زاڵبن لەڕووی پەیوەندی نێوان ئادەمیزاد و جیهان، ئایین حاڵەتێکی پاشەکشەیە بۆ ئیمانهێنان بە جیهانێکی دیکە، هونەریش حاڵەتێکی هەڵگەڕانەوەیە ڕووەو ئەزموونی تایبەتی هونەرمەندەکە. بەلای ئەو چارەسەرە فەلسەفییەکە لە دوو مەرجی پێشوەختەدایە، یەکەمیان تۆتاڵێتی شتەکان – گشتی – واتە جیهان –عالەم ، ئەویدیکەش هەبوونی هۆشیارییە بە شێوەیەکی جودا لەئەو، جا ئەرکی فەلسەفەیە ئەو دوو مەرجە پێشوەختە بەیەکەوە گرێبدات، واتە ڕێنوێنی کردنی هۆشیاری بەرەو یەکەیەکی نوێ زێدە شکۆ لەو تۆتاڵییەدا "(حەوێزی، ٢٠٠٩، ٥٨). کەواتە، هیگڵ لای خۆیەوە جەختی ئەکردەسەر چەمکی ئازادی وەک دەسنیشانکردنێک بۆ ماهیەتی مرۆڤ، کە ئاشتەوایی نێوان مرۆڤ و دەوروبەری و هەروەها لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا دەگەیەنێت. ئازادی و هۆشیاری و توانای بیرکردنەوەیەک کە بتوانێت سود بە بوونی گشتی بگەیەنێت، بیرکردنەوەیەک کە بتوانێت بابەت و بوون بەیەکەوە ببەستێتەوە و ببێتە ڕوانگەیەک بۆ دەرخستنی توانای تاکی بەشێک لەگشتی سەربەخۆ. کەواتە نامۆبوون لای هیگڵ لە دوو ڕوانگەوەیە ( نامۆبوونی خود لە بابەت، نامۆبوونی خود لە کۆمەڵگە). یەکەمیان زۆرتر پەیوەندی بە لایەنی تاک وەک بیرکەرەوە هەیە، کە تاک بیەوێت خۆی جیابکاتەوە و خۆی بسەلمێنێت، بەجیاواز لە فیکری ڕەها. دووەمیان، ئازادی و خۆ بەدەستەوە نەدان لەبەرامبەر کۆمەڵە یاسایەکی کۆمەڵایەتی گشتی داسەپاودا.

**٢،٢.لەڕوانگەی مارکسەوە**

کۆنترۆڵی مرۆڤ بەسەر سروشت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد دەبێت. لای کارل مارکس، ئەم زیادبوونەی کۆنترۆڵ یەکێکە لە فاکتە دیاریکەرەکانی نامۆبوون. ئەگەر چی مارکس وێنایەکی هەمەکی و گشتی بەدەستەوە داوە و " لە تیۆرە گشتییەکەیدا، کاتێک فاکتەرەکانی کێبڕکێ و ململانێ و هاودژی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە ڕاڤە دەکات، چەمکی نامۆیی کۆمەڵایەتی( social alienation)ی بەکارهێناوە"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٥٦٠). بێگومان، "تێگەیشتنی مارکس لە نامۆیی پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە میتافیزیکی هیگڵەوە هەیە.پەیوەندییەکە لە دوولایەنەوە ڕەتدانەوەی ڕاڤەکردنی هیگڵە بۆ نامۆیی. یەکەم، مارکس نامۆیی بۆ بنەمایەکی میتافیزیکی ناگێڕێتەوە. دووەم، هەموو جۆرە جیابوونەوەیەکی بابەت لەخۆ، بە نامۆبوون پێناسەناکات"(کەمال، ٢٠١٩، ١١٩)، بەڵام ئەم چەمکە پتر بۆ وەسفکردنی ژینگەی کار لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکان بەکاردەهێنرێت." نامۆیی لای مارکس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و تێیدا مرۆڤ هەست بە نامۆیی و دووری دەکات لەو شتەی، کە دۆزیویەتییەوە و خزمەتی کردووە و قوربانی لەپێناودا داوە "(ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٥٦٠). هەر بۆیە، "مارکس لە بەرهەمەکانیدا چەمکی لەخۆنامۆبوون شیدەکاتەوە، سێ لایەنی لێکجیادەکاتەوە کە بریتین لە: لەخۆنامۆبوونی ( ئایینی، سیاسی، ئابووری)، هەرسێکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام لایەنی ئایینی و سیاسی ئەوکاتە لەناودەچن، کە لەخۆنامۆبوونی ئابووری نامێنێت"(سەباح، ٢٠١٥، ١٠٥)، کە ئەو پێیوابوو نامۆبوون دەرەنجامی دابەشکردنی کارە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. ئەمە بەو مانایەیە کرێکاران تەنها لە بەشێکی بچووك لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرهەمهێنراوێك پسپۆڕییان هەیە و کارەکەیان تەنها مۆنتاژی پارچەی جیاوازە. شێوە تازەکانی بەرهەمهێنان پرۆسەی بەئامێربوون، پسپۆڕگەرایی و خڕبوونەوە بوو، چونکە ئەم توانا تازەیە، لە ژینگەی کاردا، ئامێر ببێتە بەدیلی هێزی فیزیکی مرۆڤ. بەم چەشنە، کرێکاران ناتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و دەکەونە ژێر کاریگەری کۆنترۆڵی ئامێرەوە. لە ئاکامدا، ئامێر دەبێتە بەدیلی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران. " لە ئەنجامدا بە وتەی مارکس کرێکار تەنیا لە دەرەوەی کار هەست بە خۆی دەکات"(ت.ز. لاڤین، ٢٠١٧، ٤٢٥) بەو چەشنەی کرێکاران نەك تەنها بوونەوەری کۆمەڵایەتی بەڵکو بە بەشێ لە بازاڕ دادەنرێن. "کەواتە نامۆیی دەبەستەوە بە کاری کرێگرتەوە و جێگیربوونی مرۆڤ تیایدا. چونکە مرۆڤ کار بەرهەم دێنێت و ئەبێتە کۆیلەشی، واتا هەست بە نامۆبوون ئەکات لەوەی بەرهەمی دێنێت. ئەو نامۆبوونەش تا دێت پەرەئەسێنیت، ئەگەر بزانین، کە لە کاردا بواری ڕاستەقینە هەیە بۆ خستنەڕوو و گەشەپێدانی تواناکانی تاک. بەو شێوەیە مارکس نامۆیی لەو دیاردە فەلسەفییەی، کە لای هیگڵ هەبوو، گۆڕی بە دیاردەیەکی مێژوویی بە کۆمەڵێک بنەماوە، کە ئەکێشرێتە سەر کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا. بەوەش مارکس چەمکی نامۆیی بەکارهێنا بۆ وەسفکردنی "نامرۆڤبوون dehumanization" کە لە گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دێتەکایەوە"(الحیدري، ٢٠٠٨، ٤).

مارکس پێیوابوو نامۆبوونی کرێکاران خۆی لە چوار ئاست دەخاتە ڕوو:-

یەکەم: نامۆبوون بەرامبەر بە پرۆسەی بەرهەمهێنان.

دووەم: نامۆبوون بەرامبەر بەرهەمهێنراوی وەربەرهاتوو.

سێیەم: نامۆبوون بەرامبەر بە خێزان و کۆمەڵایەتی، کە کرێکار تێیدا دەژێیت.

چوارەم: بەرامبەر بە خۆی.

کرێکار بەرامبەر بە پرۆسەی بەرهەمهێنان بێگانەیە، چونکە لەم پرۆسەیەدا نە شتێ بۆ خۆی بەرهەمدەهێنێ و نە بەکاربەری بەرهەمهێنراوی خۆی دەناسێنێت. ئەوان بەرهەمهێنراوی خۆی بۆ بازاڕی ناکەسیی و ئەبستراکت بەرهەم دەهێنن. وێڕای ئەوەش کرێکاران خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنانیش نین. تەنانەت کرێکار

بەرامبەر بە بەرهەمهێنراوی کاری خۆی بێگانەیە، چونکە ڕۆڵیان لەم بەرهەمهێنانەدا سنورداره، هیچ کرێکارێک ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات، کە بەرهەمهێنراوی بەرهەمهاتووە، تایبەتە بە کاری ئەو، هەروەها لە بەرامبەر ئەو شمەکانەشدا هەست بە نامۆبوون دەکات، کە بەرهەمی هێناون و دروستی کردوون و هەوڵ و ماندووبوونی لەگەڵ داون، بەڵام هی ئەو نین، بەڵکو هی خاوەن کارن، چونکە ئەو خاوەن تەواوی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، ئەمە جگە لەوەی نامۆبوونی کرێکار تەنها لە دوورکەوتنەوەی لە خاوەن کار و ئەو شمەکانەدا کورت نابێتەوە، کە بەرهەمی هێناون، بەڵکو نامۆبوونیشیەتی لەبەرامبەر هەوڵ و کۆششەکانی، هەر لەبەر ئەوەشە " کارڵ مارکس بۆ «کار» ڕازییە بە باڵاترین بەها و دەشڵێت: مرۆڤ لە ڕەوتی کاردا خۆی دەخوڵقێنێت و سروشتی خۆی بەدەست دەهێنێت. بەم پێیە ژیان کردن واتە کارکردن. بەم بەڵگەیەش مارکس کارکردن ناو دەنێت بە «دەرکەوتنی ژیان.» ئەم دەرکەوتنی ژیانەیش دەکرێت ببێتە هۆی نامۆبوونی خودی ژیان. ئەم کێشەیەش کاتێك دێتە پێشەوە، کە پاڵنەری کار نە «نیازی دەروونی» بەڵکوو «نیازی دەرەکی» یاخود «هەماهەنگ» بێت. واتە مرۆڤ کاتێك ناچار بێت بۆ پەرەپێدانی ژیانی خۆی، کاری خۆی و لە ڕاستیدا خودی خۆی، نەك کاڵا بفرۆشێت".(بشيري، ٢٠١٠).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کرێکاران بەرامبەر خێزانی خۆیشیان هەست بە نامۆبوون دەکەن، چونکە ماڵ و ژینگەی کاریان دوو ژینگەیەکی تەواو جیاوازە لە یەکتر. بە دەربڕینێکی تر، ماڵ و حاڵیان لە یەك جیا دەبێتەوە، چونکە سەرمایەداران و کۆمپانیا مەزنەکان زەوی و ئامرازی بەرهەمهێنان بۆ خۆیان بەکاردەهێنن و خێزانەکانی کرێکاران ناچارن لەو ناوچانەدا بژین، کە تیایدا پێویستی بە کاری کرێکاری هەیە. هەروەها کرێکاران بەرامبەر بە یەکتریش دەبن بە بێگانە، چونکە بۆ ژمارەیەکی سنووردار ئیشی کرێکاری بوونی هەیە بە ناچاری بەسەر یەکەوە دەبنە چاودێر. ئەم چاودێرییە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن پەی بە تەوژم و هێزی بەکۆمەڵ ببەن و دیاریکەری هەلومەرجی کاری خۆیان بن. "بۆ ئەو مەبەستەش مارکس پێی وایە، ئەو کاتەی جیاوازی چینایەتی پەیدابوو، لە خۆنامۆبوون ڕەگ و ڕیشەی پەیدابوو، وایلێهات مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی لەدەستبدات لەڕێگەی بەرهەمهێنراوە مادییەکان، خۆی بەدەستەوە بدات لەبەرامبەر کایە سیاسییەکان"(بزرگی، ٢٠١٧، ٩). لەکۆتاییدا، کرێکاران بەرامبەر خۆیشیان بێگانە دەبن، چونکە توانا و لێهاتوویەکانیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەویتر بەکاردەهێنێت. لێرەوەیە سەرمایەداری بەرهەمهێنەری هۆشیاری درۆینەیە و دەتوانێ ویستەکانی مرۆڤ لە مێشکی بۆ ویستی دەستکرد بگۆڕێت، هەروەها کرێکار بۆ کەمبوونەوە ماددی و ناماددییەکان، خۆی سەرزەنشت دەکات و بەرامبەر خۆیشی نامۆ دەبێت. هەربۆیە " مارکس بەگشتی لەو بڕوایەدا بوو، کە نەتەنها خودا، بەڵکو دەوڵەت، نیشتیمان، خاوەندارێتی، سەرمایە، درووستکراوی مرۆڤە، خۆ بەفیداکردن و خۆبەدەستەوانیان لەبەرامبەر ئەمانە، وەک بەندەیەکیان لێدەکات و لە ئەنجامدا تووشی نامۆبوونی سیاسی، ئایینی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبن"(بزرگی، ٢٠١٧، ١٧). مارکس، دیاردەی نامۆبوون بەسەر سیاسەتیشدا پراکتیزە دەکات و دەڵێت:-" تاک بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی و کۆتایی هێنان بە ناکۆکی نێوان خۆی و ئەوانی دیکە دەوڵەت دروست دەکات، بەڵام زۆر بە خێرایی بەهۆی ئەو کەلێنە گەورەیەوە، کە لە نێوان ئەو و دەوڵەتدا بەدی دەکات، هەست دەکات نامۆیە پێی، لەمەوە لە دەوڵەت دەترسێت و وردە وردە لێی دوور دەکەوێتەوە. لێرەوە تاک نامۆ دەبێت بە دەوڵەت"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٥٦١).

لەلای مارکس هونەر و جوانی و هەموو بنەمایەک بۆ بینین و هەڵسەنگاندن، پەیوەستە بە نەمانی نامۆبوون و بە چارەسەرکردنی لەڕێگەی بە دیهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندرووست لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەتوانرێت بایەخ بۆ هونەر و جوانیش بگەڕێنرێتەوە " تەنیا دوا بەدوای زاڵبوون بەسەر هەموو نامۆیی و مەودا کۆمەڵایەتییەکانە، کە فراوانی چێژ خوازیی زەین مرۆڤ، گوێیەکی مۆسیقاناس و چاوێک بۆ بینینی جوانیی فۆڕم و بەکورتی ئەو هەستانەی، کە دەتوانن چێژەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکەن، تاڕادەیەک گەشە بستێنن، تاڕادەیەک دروست ببن"(ئیگلتۆن، ٢٠٠٨، ١١٤). ئەمانەش تەنیا لە ڕێگەی "دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی دوور لە نامۆیی، کۆمەڵێکی بێ ناکۆکی چینایەتی، بە واتایەکی تر، بنەڕەتەکانی کۆمەڵ و پێوەندییەکان دەبێ وەک بنەما لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕدرێن، بۆ ئەوەی مرۆڤی ئازاد و سەربەست بتوانێ نامۆیی لەناوبەرێت و وەک جەوهەرێکی ڕاستەقینەی ئازاد و ڕاستەقینە، بەبێ هیچ دڵەڕاوکێیەک لەبوونی خۆی دڵنیابێت"(عەزیز، ٢٠٠٦ ،١٣٨). لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین بیرۆکەی سەرەکی بۆ نامۆبوون لای مارکس، لە سێ لایەنەوەیە:-

یەکەم، لایەنە ئایینیەکەیە، کە مەبەست لێی پەنا بردنە بۆ خودا و خۆبەستنەوە بە جیهانێکی ئایدیاڵی، کە بەجۆرێک ڕاکردنە لە واقیعێک بەزۆر بەسەرخەڵکدا سەپاوە، لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێت، بەزۆر بێ یان بە خواستی خۆیان، لەو بارە داسەپاوە قوتاربین.

دووەم، لایەنە سیاسییەکەیە، کە لەڕێگەی حکومەت و دەسەڵاتدارانەوە دەخوڵقێنرێت، ئەم جۆرە لە نامۆبوونی دروستکردووە، تاک هەست بە ئاسایش و ئومێد لە ژیان ناکات لەژێر سایەی ئەم جۆرە لە حکومڕانییەدا نەبێت.

سێیەم، لایەنە ئابورییەکەیە، کە زۆرتر بەلای مارکسەوە گرنگە، خستنەڕووی لایەنی چینایەتی کۆمەڵگە، بووە بە بڕبڕەی پشتی بیروڕاکانی، بە نەمانی ئەم جۆرە لە نامۆیی "نەمانی خاوەندارێتی تایبەت، کێشەی نامۆبوون لەناودەچێ"(چەنگایی، ٢٠١١، ١٩٨)، دەکرێت چارەسەری دوو جۆرەکەی تریش، کە ئایینی و سیاسییە بکرێت.

**٣,٢. لەڕوانگەی ئەریک فرۆمەوە**

ڕوانگەی ئەریک فرۆم تاڕادەیەکی زۆر هەمان جۆرە ڕوانگەی مارکس و فرۆیدە بۆ نامۆبوون، بەڵام جیاوازییەکەیان لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەردەکەوێت.

یەکەم، مارکس لەڕێگەی ئەو کارانەی، کە مرۆڤەکان خۆیان ئەیکەن، لە دواییدا دەبنە کۆیلەی کاری خۆیان، جۆرە ڕقلێبوونەوەیەک بۆخودی خۆیان دروست دەبێت دەبێتە هۆی نامۆبوون، بەڵام لای ئەریک فرۆم، بابەتەکە بە فراوانتر

سەیرکراوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵی داوە بەشێوەیەکی گشتی تر، لەزۆربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی تازەدا، لە بابەتی نامۆبوون بکۆڵێتەوە، کە تیایدا " نامۆیی حاڵەتێکە، مرۆڤ هەست دەکات بوونەوەرێکی لاوازە و بوونی پشت بەبوونی چەند هێزێکی دەرەکی دەبەستێت"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٥٦١ ).

دووەم، مارکس وەک فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتی، لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابوورییەوە لای وایە کەسەکان خۆیان ڕۆڵیان نییە لە دروستبوونی نامۆبووندا، بەڵکو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکە بەشێوەیەکی نەخوازراو ئەیسەپێنێت بەسەر تاکدا، لەبەرامبەردا ئەریک فرۆم وەک فەیلەسوفێکی بواری دەروونی لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە، لە ڕوانگەی تاک و جیابوونەوەی هەردوو لایەنی عەقڵی و بیری بە کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بابەتی نامۆبوونی ڕوانیوە.

بەهەمان شێوە جیاوازی بیری فرۆم لەگەڵ فرۆیددا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەتەنها پاڵنەرە سێکسییەکان نین کە هۆکارن، بەڵکو پێکهاتەی کەسێتی تاک لەڕووی بنچینەی کۆمەڵایەتییەوە هۆکارن " ئیریک فرۆم بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی مارکس و فرۆید، گەشەی بە چەمکی "نامۆیی alienation" دا و بەستییەوە بە ئەزموونی خۆی و چارەسەرییە کلینیکیەکانی، لەخاڵیکەوە دەستییپێکرد، کە جەخت ئەکاتە سەر پەیوەستبوونی دیالێکتی نێوان مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری. ئەوەی، کە فرۆم ئەیبەستێتەوە بە ئاراستەیەکی ئەخلاقی و دەروونی، نەوەک زادەی ململانێی ئابوری (کە مارکس ناویدەبرد)، یاخود بەرهەمی ململانێ سێکسی (هەروەک چۆن فروید وایدەبینی)، بەڵکو وەک بەرهەمی پرسە بوونگەراییەکان، شێوازی کەسێتی، بنچینەی کۆمەڵایەتی، خستویەتیە چوارچێوە مرۆییە فراوانەکەی" (الحیدري، ٢٠٠٨، ٥ ). واتە زۆرتر پەیوەستە بە لایەنی هۆشیاری تاک بەرامبەر بە کۆمەڵگە و دەوروبەر. بیرکردنەوە لەڕووی تاکەوە، دیاردەکە بەجۆرێکە خەمەکان ئەگەر هاوشێوەی یەکتر بن لای کەسەکان، بەڵام بیرکردنەوەکان وادەکات، کە شێوازێکی تاکێتی تایبەت وەربگرێت و جۆرێک لە مۆرکی تاکەکەسی پێوە دیاربێت. بە واتایەکی تر، هەستی نامۆبوون لای فرۆم لەبەرئەوەی پەیوەستە بە خودی کەسایەتی و تایبەتمەندییەتی تاک خۆیەوە، کەوایە سیفات و تایبەتمەندی ئەو تاکە وەردەگرێت و ئەبێتە جۆرێک لە ناسنامەی تاکەکەسی، نەک ببێتە پێوەرێک بۆ کۆمەڵە کەسانێک، کە لەبوارێکی دیاریکراو کاردەکەن، یان پەیوەستبێت بە لایەنێکی دیاریکراو لە هەستی تاک. چونکە هۆکار بە بڕوای فرۆم زیاد لە هۆکارێکە و پەیوەستە بە ژینگە و جێگا و پێگەی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکەوە. "لەڕوانگەی فرۆمەوە، کەسە لەپێشینەکان لەڕێگەی تێکەڵاوی یەکتری و هەوڵدان بۆ ناسینی کەسانی تری دەوروبەر جیاواز لە کۆمەڵگەی خۆیان، هەستکردن بەوەی کە بەشێکن لە هۆزێک، کۆمەڵگەیەک، تێکەڵاوبوون لەگەڵ سرووشت، ئەم جۆرە لە هەستی نامۆبوونەیان کەمتر کردووەتەوە، بەڵام مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا، لەگەڵ هەبوونی توانای زیاتر بۆ زاڵبوون بەسەر سرووشت، ئەم جۆرە تێکەڵاوییەیان بە بەراورد بە مرۆڤە لەپێشینەکان کەمترە، لە ڕاستیدا ئەمەش تێئەپەڕێنێت، بەڵکو بەجۆرێکە، کە ملکەچی هەندێک یاسای سرووشتییە، لەو حاڵەتانەی توانای بەسەر هەندێک لە یاسا سرووشتییەکاندا ناشکێت، ئەمە وای لێدەکات تووشی جۆرێک لە هەستی گۆشەگیری و شکشت ببێتەوە "(هاشملو، ٢٠٢١، ٣). بە بڕوای فرۆم نامۆبوون " حاڵەتێکە تیایدا مرۆڤ خۆی وەک غەریبەیەک هەست پێدەکات. خۆی بە چەقی جیهان ئەژمارناکات، خوڵقێنەری کردەوەکانی خۆی نابێت، بەڵکو کردەوەکان و ئەنجامەکان فەرمانڕەوایی ئەون، گوێڕاڵی ئەوان دەکات و تەنانەت دەشیانپەرستێت" (حماد، ٢٠٠٥، ٦٠).

کەواتە لەلای ئەریک فرۆم، هەستەکە زۆرتر پەیوەندی بە لایەنی تاک و خودی کەسەکانەوە هەیە، زۆرتر مەبەست لێی ئەو نامۆبوونانەیە ،کە بەبێ گەڕانەوە بۆ بوونی دەستەجەمعی و هاوشێوە، لەلای تاک دروستدەبێت. ئەکرێ ئەو نامۆبوونە ناوبنێین (نامۆبوونی خودی)، چونکە "کەسی گیرۆدە بە دیاردەی نامۆبوون نە لەگەڵ خۆی و نە لەگەڵ کەسانیتر پەیوەندی نییە. ئەو خەڵکانەی هەستێکی هاوبەش و عەقڵێکی تەندرووستیان هەیە، خۆشی دەوێن بێ ئەوەی لەگەڵ خۆی یا جیهانی دەرەوەی خۆی لە بەرهەمهێنان نزیکایەتی هەبێت "(فرۆم، ٢٠٠٨، ١٢٨). وەک دەبینین جۆرێک لە دابڕان لەنێوان خود و خاوەنی خود دروستدەبێت. وایلێدێ هەستی جیاوازی لەنێوانیان بەئاشکرا دەستنیشان بکرێت. مەبەست لە جیاوازیش ئەوەیە، کە کەسەکە بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، کە لەگەڵ خاوەنی خودی کەسایەتییەکە جیاوازە، واتە بە خودی خۆشی نامۆیە. لەسەرئاستی پێوەرە گشتییەکەش بە نامۆ سەیردەکرێت، کە ئەمەش دوو هەنگاو دووری ئەخاتەوە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدایە. هەم وەک خود و هەمیش وەک گشت.

بەشێوەیەکی گشتی بۆمان ڕوونبوویەوە کە، ئەریک فرۆم، لەباسکردن و خستنەڕووی هۆکارەکانی نامۆبوون، زۆرتر لایەنە تاکەکەسی و خودییەکەی مەبەستە، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی ئەبنە هۆی نامۆبوون، هەروەها ئەو دەرەنجامانەی لەنامۆبوونەوە دەسگیردەبن، بەزۆرینەیی پەیوەستن بە تاکەکەسەوە. هەروەک لە کتێبی (الإغتراب عند اریک فروم) دا (د.حسن حماد). ئاماژەی بەوە دەدات کە، (نامۆبوونی خودی) لەلای ئەریک فرۆم هۆکارەکەی ئەمانەیە:-

١. دوورکەوتنەوە لە جەوهەری بوون.

(لەم خاڵەدا نزیکایەتیەک لەنێوان بیری ئەریک فرۆم و هیگڵدا دەردەکەوێت، بەوەی کە هەردووکیان ئاماژە بە بوونێکی گشتی و ڕەسەن دەدەن. بەڵام لەوەدا لێی جیادەبێتەوە، کە ئاماژە بە دووجۆر لەبوون دەکات، کە ئەوانیش (بوونی ڕەسەن، بوونی نارەسەن)ە، کە نزیکایەتی بیری لەگەڵ فەیلەسوفی بوونگەرایی، هایدیگەر زۆرتر دەبێت. چونکە ئەویش لە "کتێبی (بوون و کات) دا، ئاماژە بە بوونی ڕەسەن (دازاین) دەکات" ( حەمە عەلی، ٢٠١٥، ١٨٤ ) .

٢. پەرستنی شتەکان.

مەبەست لەم خاڵەش ئەوەیە، کە مەرج نییە تەنیا بوارە ئاینییەکە بگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو دروستکراوانەی دەستی

مرۆڤ دەگرێتەوە، کە خۆی لە بەرامبەریاندا بێ دەسەڵات نیشاندەدات. هەر لە بواری ئایین، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری.....

٣. سەرچاوەی نامۆبوونی خود (ئازادی ئەرێنی ، ئازادی نەرێنی). لێرەدا مەبەست لە بەکارهێنانی ئازادییە لە ڕووە ئەرێنییەکەی بۆ دروستکردنی پەیوەندی تازە و ڕزگاربوون لە نامۆیی. لەڕووە نەرێنییەکەشییەوە، ئاماژەیە بەوەی هەندێکجار ئەو ئازادییەی، کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات دەبێتە هۆی نائارامی و دوورکەوتنەوە و تەنهایی.

٤. شوێن کەوتنی زۆرینە. بەکوێرانە بڕیاردان لەسەر شتانێک زۆرینە دەیکەن، تاکەکەسیش بێ بیرکردنەوە هەمان بڕیاربدات و شوێنیان بکەوێت.

**٥.** ملکەچبوون بۆ هەستی (سادی، ماسۆشی). هەریەکە لەو دووهەستە جۆرێک لە ناجێگیری دەروونی و نامۆبوونیان بە خود تێدایە، کە وایانلێدەکات، هەست بەوە بکەن کەسی سادی پێویستی بەوەیە، کە دەسەڵات و هەیمەنەی خۆی بەسەر کەسێکی تردا بسەپێنێ، کەسی ماسۆشیش وای دەبینێت، کە بێدەسەڵاتە لەبەرامبەر ئەو کەسەی کە دەیچەوسێنێتەوە و ئازاری دەدات.

**٦.** شوێن کەوتنی دەسەڵاتی نادیار. (حماد، ٢٠٠٥، ١١٦-١٧٥) هەریەکە لەم سەرچاوە و هۆکارانە، ئەگەر سەرنجیان بدەین دەبینین هەموویان پەیوەستن بە خود و بیر و بڕیاری خودی کەسەکانەوە، بۆیە دەرەنجامەکەی زۆرتر ئەو نامۆبوونەیە، کە پەیوەست دەبێت بە خودی مرۆڤەکە خۆیەوە. چارەسەری ئەم جۆرە لە نامۆبوونە، لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لەهەریەک لەم خاڵانە دەبێت، بەنموونەی دوورکەتنەوە لە گەورەکردن و پەرستنی شتەکان، گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکییان و دیسانەوە بڕواهێنان بە خود وەک سەرچاوەی سەرەکی بوونی ڕەسەن.

بەشێوەیەکی گشتی فەیلەسوفەکان سەرهەڵدان و دەرکەوتنی نامۆبوون بەم شێوەیە پۆلێن دەکەن:-

١. نامۆبوون لە کەسانی تر/ کرۆکی نامۆبوونەکە ئەوەیە کە، کەسانی تر دەبنە بێگانە لەکەسی نامۆبوو.

٢. نامۆبوون لە کۆمەڵگە/ کۆمەڵگە و پێکهاتەی کۆمەڵگە بەجۆرێکە، کە وابکات ئەم کەسانە بە ڕێگای جیاوازدا بڕۆن.

٣. نامۆبوون لە خود/ جۆرێکە لە ئەزموون یان تایبەتمەندی، کە تاکەکەس تیایدا دەژی و نامۆیە بەو ئەزموونە، ئەمەش واتا بەجۆرێکە، کە تاکەکەس بوونی ڕەسەنی خۆی بەرجەستە نەکردووە.

## ئەنجام

1. نامۆبوون حاڵەتێکە، لەچەندین لایەنەوە دەکرێت لێی بکۆڵرێتەوە و هەموو لایەنەکانیش ناتوانن بەتەواوی بگەنە خاڵی بنبەست و کۆتایی، چونکە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و سەردەم و تێڕوانین، گۆڕانکاری بەسەردا دێت.
2. هیگل هەرچەندە لەڕووی لایەنە ئایینی و میتافیزیکییەکەیەوە بۆ باسکردنی حاڵەتەکە ڕۆشتووە، بەڵام هێشتاش ناکرێت بڵێین، ئەو ئازادییە موتڵەق و ڕەهایەی کە ئەو باسیدەکات، بکرێتە بناغەی ڕزگاربوون لە نامۆبوون، چونکە لە کۆتاییدا مرۆڤ خۆیەتی سنوورەکان دادەنێت و خۆشی تێکیدەشکێنێت.
3. ڕوانینی مارکس بۆ لایەنی ئابووری بەتەنها، کۆکردنەوەی لە هۆکارێکدا، وا دەکات، کە مرۆڤ بباتەوە ناو کۆمەڵ و دەستەجەمعییەوە، کە شێوازی بیری تاکڕەوییانە و خودییانە تارادەیەک فەرامۆش بکات (ئەگەرچی وا دەردەکەوێت، کە باس لە تاکی کرێکار بکات، بەڵام ئامانجەکە بریتییە لە دەستەجەمعی، نەک تاکێکی کرێکار بەتەنها).
4. لەلای ئەریک فرۆم، ئەخلاق و دەروونی کەسەکان، هەروەها ئەزموونە تاکەکەسییەکانیانە، کە دەبێتە هۆکاری دەسنیشانکردنی حاڵەتەکە. واتە لایەنە دەروونییەکە و پەیوەندی بە ژینگەی دەوروبەر، زۆرتر زاڵدەبێت.

## سەرچاوەکان

-بەزمانی کوردی:


1. ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ، فەلسەفە و ئیمان لە نێوان هێگڵ و کیرکیگارددا، چاپی یەکەم، باشوری کوردستان، کتێبخانەی فێربوون، ٢٠١٧.
2. ئیگلتۆن، تێری، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و.عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨.
3. ئەلحەسەن، د.ئیحسان محەمەد، ئینسکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و. دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢.
4. بۆکانی، سابیر، شۆڕبوونەوەیەک بەرەوناخ، گ. ڕامان، ژ. ٣٨، ١٩٩٩.
5. بۆکانی، سابیر، لەنێوان هەست و نەست دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦.
6. پاڵەوان، سەلاح حەسەن، داهێنان و مەرگ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٣.
7. چەنگایی، وشیار بەهرام، داد یان بێدادی؟ ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١١.
8. حەسەن، شاکار یوسف، چەمکی نامۆبوون لە بەرهەمەکانی کارل مارکسدا، ر.کوردستانی نوێ، پاشکۆی هزر و هونەر، ژمارە ٧٠، ٢٠١٣.
9. حەمە عەلی، ئومێد، کێشەی بوونی مرۆڤ، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی پەنجەرە، ناوەندی ئەندێشە، ٢٠١٥.
10. حەمە، ئاشتی، سەبارەت بە چەمکی نامۆبوون، گ. کاروان، ژ. ٧٩، ١٩٨٩.
11. حەوێزی، دەریا جەمال، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لە باشوری کوردستان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٣.
12. سەباح، سوارە، نامۆبوون لەڕوانگەی مارکسەوە، گ. ڕامان، ژ.٢٢٢، ٢٠١٥.
13. عەبدوڵا، شوانە نوری، چەمکی نامۆیی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری نوێخوازی کوردیدا جەمال غەمبار، دلاوەر قەرەداغی، هیوا قادر

بەنموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی صەلاحەدین، ٢٠١٤.
14. عەزیز، د.حەمید، نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفی، گ. رامان، ژ. ١١٤، ٢٠٠٦
15. عەزیز، کارزان، دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای رۆح، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.
16. فرۆم، ئەریک، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و.ئارام جەمال سابیر، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٥.
17. فرۆم، ئەریک، کۆمەڵگەی تەندرووست، و.زاهیر محمد رەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨
18. قادر، سەرکەوت سەعدی، نامۆیی لە رۆمانەکانی ( سەلاح عومەر ) دا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی هاشم، ٢٠١١.
19. کەمال، د.محمد، بوون و داهێنان، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤.
20. کەمال، د.محمد، مارکس وەک فەیلەسوف، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٩.
21. لاڤین، ت.ز، لە سوقراتەوە تا سارتەر فەلسەفە بۆ هەمووان، و.ئارام مەحموود ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧.

- **بەزمانی عەرەبی**

22. الألوسي، عادل، الإغتراب و العبقرية، طبعة الأولى، القاهرة، مصر، دار الفكر العربي، ٢٠٠٣.
23. جدوع، محمد، الوجودية و الأدب بين خيبة الآمال و إدارة الأجيال، طبعة الأولى،دمشق، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠١٢.
24. حماد، د.حسن، الإنسان االمغترب عند أريک فروم، مصر، القاهرة، مكتبة دار الحكمة، ٢٠٠٥
25. زلني، يندرش، منطق ماركس، ت. ثامر الصفار، ، حلب، سورية، مركز الأبحاث و الدراسات الإشتراكية في االعالم العربي، ١٩٩٠.
26. زيادة، معن، الموسوعة الفلسفية العربية، الطبعة الأولى، مجلد ١، معهد التأريخ العربي، بيروت، ١٩٨٦.
27. شاهين، د.فؤاد، محاولة التعريف الطرائقية العلمية، مجلة دراسات عربية، السنة الخامسة، كانون الأول، عدد ٢، ١٩٧٢.
28. العتيبي، د.طارق بن موسى، الإغتراب (دراسة تأصيلية فلسفية علمية)، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٨.
29. العشماوي، د.محمد زكي، (فلسفة الجمال في الفكر المعاصر)، بيروت، لبنان، دار النهضة العربية، ١٩٨٠.
30. علي، شتا سيد، الإغتراب في التنظيمات الإجتماعية، طبعة الأولى، الأسكندرية، مكتبة الإشعاع الفنية، ١٩٩٧.

- بەزمانی فارسی

31. بزرگي، سيد عابدين، نقد و بررسی علل (از خود بيگانگي) از منظر فيورباخ و كارل ماركس، فصلنامه علمي، پژوهشی آيين حكمت، شماره مسلسل ٣٣، بهار ١٣٩٦، سال نهم.

- سایتە ئەلکترۆنییەکان/

32. http://www.maaber.50megs.com/issue_july08/spotlights2.htm
33. 2034http://marifat.nashriyat.ir/node/
34. http://www.andisheqom.com/public/applicatio&t=article6978n/index/viewData?c=
35. تاریخچه از خود بیگانگی